سەرۆک کەمار پشتیوانی تەواوی عێراق بە مافەکانی گەلی فەلەستین و سەربەخۆیی دەوڵەتەکەیان دووپات دەکاتەوە

عەبدوللا تیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کەمار، ئەمڕۆ سەشەممە، بە هاوتا فەلەستینییەکەی، مەحمود عەباس، پشتیوانی عێراقی بە مافەکانی گەلی فەلەستین و پشتیوانی تەواوی بە مافە ڕەواکانیان و دامەزراندنی دەوڵەتەکی سەربەخۆیان دووپاتکردەوە.

سەرۆکایەتی کەمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە باویکردەوە،سەرۆک کەمار د. لەتیف جەمال ڕەشید، لە عەممانی پایتەختی ئوردن پەشوازیکرد لە مەحمود عەباس سەرۆک دەسەڵاتی فەلەستین. وتیشی لە میانی دیدارەکدا پەیوەندیی دووقۆیی نێوان هەردوو وڵات و گەلی برا تاوتوێ کرا، هاوکات جەختیانکردەوە لەسەر بەردەوامیی کاری هاوبەش بە پتەوکردن و پەرەپەدانیان لە بوارە جیاجیاکاندا.

سەرۆک کەمار هەڵوەستی پتەوی عێراقی لەبارەی کەشی فەلەستین و پشتیوانی تەواویان لە مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دووپاتکردەوە و ئاماژەیکرد بەوەی لە کەرتی غەززە و ناوچەکانی دیکەدا گەلی فەلەستین ڕوو بەڕووی بونەتەوە کە بە کارەساتەکی گەورەی مرۆیی دادەنرێت.

سەرۆک ڕەشید جەختیکردەوە لەسەر پەویستی هاریکاریی نێودەوڵەتیی جددی لەسەر ئاستە جیاجیاکان بە

گەیاندنی کەمەک و فریاگوزاری بە گەلی فەلەستین دوای ئەو دەستدرێژییە ئاشکرایەی کە رووبەرووی بونەوە، هەروەها کارکردن بە دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی و خەراکی پێویست.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە سەر پێویستی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتیی لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو دەستدرێژییانە.

لای خۆیەوە مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین پێزانینی خۆی نیشاندا بە پاپشتی عێراق لەسەر ئاستی گەل و ئاستی ڕەسمی بە گەلی فەلەستین و دەزی دادپەروەرانەیان و جەختیکردەوە لە پێیوەندیی پتەوی نێوان هەردوو وڵات و گەل.

دیدارەکە بەئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران و پسپۆڕان لە سەرۆکایەتی کۆمار، دکتۆر عەلی شوکری، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆمار، گوهدار محەمەد سەعید و باڵیۆزی کۆماری عێراق لە شانشینی ئوردن، عومەر بەرزنجی، لەگەڵ ژمارەیەک لە لەپرسراوانی فەلەستین بەڕێوەچوو .